له ستونه‌كانی میدیاوه..!

وه‌رگێرانی له سویدییه‌وه: شێرزاد هه‌ینی
heinisherzad@hotmail.com

## دڵ زمانی دڵه..! *

لەم رۆژانەدا لە هلسنكی پایتەختی ولاتی فنلندا، رۆژانە بیرەوەری و سەربردەی ژنە دبلۆماسێك دەرچوو. نوسەرەكەی " ئەنیتا هالاما"یە. ئەم كتێبە لە رۆژنامەیەكی سویدی خوێندرایەوە. نوسەرەكەی دۆست و ئەڤین و عاشقی سەرۆكی ولاتی فنلندابووە. پازدە ساڵ پاش مردنی عاشقەكەی چیرۆك و رۆژانەی ژووان و سوتانیان بۆ یەكتری و نهێنیەكانی بلاوكردیتەوە.

عاشقی ئەم پیرەژنە، واتە سەرۆكی ولاتی فنلندا، ناوی " ئورهوو كێكونێن" بوو. ئورهوو لەدایكبووی ساڵی ١٩٠٠ه، لە دادوەرییەوە لە ساڵی ١٩٣٦ بووە بە پەرلەمانتاری حزبی سەنتەر. لە ساڵی ١٩٥٠ بە سەرۆك وەزیران دانراوە. ماوەی سەرۆكایەتی ئەو ماوەیەكی درێژبووە، نزیكەی چارەگە سەدەیەكی خایاندووە، لە ساڵی ١٩٥٦ تا ١٩٨١. لە ئەنجامی نەخۆشیەوە وازی لەم پۆستە هێناوەو لەساڵی ١٩٨٦ كۆچی دوایی كردووە، ژنەكەشی " سیلیڤا " لە ساڵی ١٩٧٤ كۆچی دوایی كردووە.

پیرەژنە عاشقەكی نوسیویەتی، سەرۆك پیاوێكی ناسك و دڵۆڤان بووە. ئەڤینی ئەو ژنە دبلۆماتە لەو ماوە درێژە هەر بە نهێنی مایەوە تا دولبەرەكەی لەم رۆژانەدا هەموو نهێنیەكانی لە دووتۆی كتێبێكدا بلاوكردەوە.

یەكەم دیدارو نیگای دڵدارییان بۆ ئەو رۆژە دەگەرێتەوە كە سەرۆك لە ساڵی١٩٦٣دا بە سەردان دێتە سەردانی ولاتی یوگوسلاڤیاو سەرۆك تیتۆ دەبینێت. لەوێ چاوی بەم ژنە دبلۆماتە تەمەن ٢٥ ساڵەی هاونیشتیمانیەكەی دەكەوێت. ئەو كات ئەو (سەرۆك) تەمەنی ٦٣ ساڵ دەبێت. بەلام لەم دیدارە دبلۆماتیە بەرزە بواری قسەكردن و كردنەوەی نهێنی خۆشەویستیەكەی نابێ. بۆیە كە دەگەرێتەوە ولات بە هاورێیەكی نزیكی خۆی، نامەی سوتان و ئەڤینی لە شێوەی كارتێك بۆ دەنوسێت. عاشقە نوسەرەكە لە كتێبەكەیدا " دڵ زمانی دڵە " نوسیویەتی :

بەیەك دێر بۆی نوسیبووم، من پێویستم بە تۆیە.

ئەوەو نامەی دووەمی و نامەكانی تری بە وەزیری دەرەوەی ولاتەكەی بۆ رەوانەكردووەو پاشان لەیەكتر ئاشكرابوینەو مێردەكەی بە ناچاری نامەكانی بۆ هەڵگرتووە. كە ئاگری عەشقەكە بلێسەی كردووە، ژنەكەشی زانیویەتی و هەردوولا خۆیان بێ دەنگ كردووە. هەردوو عاشق یەكتریان لە دەرەوەش دیبیوە، دیداریان لە ولاتانی یەكیتی سۆڤیەت و دانیمارك بووە. هەروەها هەردووكیان هاوینەپشوەكانیان لە ناوچە سیحراوی و جوانی شاخاوییەكانی باكووری فنلندا وەك هەموو گەشتیارە فنلندی و سویدی رابواردووە. شازادەی فنلنداش جارێكیان لە ناوچەیەكی جوانا لە دەڤەری

" مورومسۆن " داوەتی راوە ماسیان دەکات. ئەو ئەڤینە تا ساڵی ١٩٧٧ ی خایاندووە. دڵدارییەکە بە نامەیەکی ئەنیتا کۆتایی هاتووە. ئەویش کە لە ساڵی ١٩٧٩دا نەخۆش دەکەوێت دوا نامەی خوداحافیزی و دەست لەیەکبەردانی بۆ دەنوسێت.

18/9/2001 لە Aftonbladet سەرچاوە : رۆژنامەی سویدی

## * ژمارەکان زۆر شت دەبێژن..!!

بەپێی راپۆرت و زانیارییەکی رۆژنامەی " نیویورك پۆست " کە رۆژنامەی ئەکسپرێسی سویدی لە ١٩/ ئاداری / ٢٠٠٢ ئاماژەی پێداوە، رۆژانە و سەعاتانە و دەقیقانەی کاری ئەو کەسە ناودارانە بەم جۆرەیە، ئێمەش وا هەندێ لەم ناوو ژمارانە بەکورتکراوەیی دەکەینە کوردی، ئەوەش دەڵێن، دەستەڵاتی رۆژنامەگەریی هەموو لایەنەکان، نهێنیەکان ئاشکرا دەکات..!!

- بیل گاتێس، پسپۆری کۆمپیوتەر: بۆ یەك سەعات کارکردن، نزیکەی سێ ملیۆن کرۆنی سویدی وەردەگرێت.

- ئۆپرا وینفری، بەرنامە پێشکەشکەرو ئامادەکەر لە تلفزیۆن: بۆ یەك سەعات نزیکەی یەك ملیۆن و نیو کرۆنی سویدی وەردەگرێت.

- جی، کو، روڤلینگ، نوسەری فیلمی هاری پۆتێری ناودار: بۆ یەك سەعات کارکردن نزیکەی ٣٨٠ هەزار کرۆن سویدی وەردەگرێت.

- تیگەر وودس، یارکەری گۆلف: بۆ یەك سەعات کارکردن، نزیکەی ٣٠٥ هەزار کرۆنی سویدی وەردەگرێت.

- هەروەها بۆ چەند ناوی دیارو ناوسراوی تری هونەری و وەرزشی، رۆژانە و سەعاتانەی کارکردنیان نوسراوە، دوا کەسیش سەرۆکی ئەمریکییە، جۆرج بۆش سەرۆکی گەورەترین و بە دەستەڵاترین ولاتی جیهان : بۆ یەك سەعات کارکردن، نزیکەی٢١٥٣ کرۆنی سویدی وەردەگرێت.

* بۆ زانین و بەراوردکردن، ١٠،٥ کرون، یەك دۆلاری ئەمریکییە.

2002 / 03/ 19سویدی رۆژی Expressen سەرچاوە: رۆژنامەی